

# یادگارییەکانی قوڵنگێک
# لە باخچەییێکی وڵاتی چینێدا

**روونەی تاویە**

جا ئەمن دەمگو هۆرێ بابە
هۆرێ بابی خۆم..
ئیزنم بدەی هەر دەچم
ئیزنم نەدەی هەر دەچم
ئەمن ئەستێرەما ڕژاونە قسانیانەوە
ئەمن نیگاما ڕژاونە چاوی دە کچانیانەوە

1

ئەز لەبارەی باخچەیەکی وەڵاتی چینیَ قسان دەکەم
گوڵی جۆراوجۆر
چوار کورسی دانیشتن، مێزێک، قاپە برنجێک،
دوو چیلکەی نانخواردن کە لە سەر قاپەکەی بەردەممەوە خواردن بەرەو زارم دێنن.
جوین، دواتر بەرەو گەدە خوارهەڵزنان
ئەو دێت، کیژۆڵەکەی خەڵکی کوێستان
بەسەر دەستەکانیەوە قاپە کارگێکی سورکراوە
بەسەر لێوەکانیەوە زەردەیەکی پاک، هەرچەندە ددانەکانی نەشتوون
لە نێو دڵیدا هێندەی ترپەکانی دڵی هۆزانگەلی سەردەمی شانشینی تانگ
خەونگەل لە چاوەکانیدا
بە بەرەو دوورفڕینەوە
بە تەماشا کردنی جیهان لە بەرزاییەوە
بە بینینی هەموو شتەکانەوە لە قەبارەگەلی بچوکتردا
بە زمانی چینی زۆر شتان دەڵیَ
ئەوەی من لێی تیَ دەگەم تەنیا ئەوەیە کە هیواداڕە خواردنەکە بە لەزەت بێت
نەوەکا وەک چێشلێنەرێکی چینی کە لەودیوی هەرچی عەدەمدا مانگی بە سێسەد یوان ئیش دەکات
لە سەر خوانێکی بێمانای دوورەووڵاتدا ئابڕووی نەچێت.
خواردنەکە زۆر بەلەزەتە!
زەردەیەکی پاکی دێتیَ
هەرچەندە دوێنیَ شەویَ بیری چووە ددانەکانی بشوا.
لەودیوی زەردەکەیەوە
بولبولی سەحەر دەبینم
بوولبوولی سترانبێژی سەحەر دەبینم
بوولبوولی لە قەفەس کراوی سترانبێژی سەحەر دەبینم
کە سەرەڕای هەموو شتێک هەر دەسترێت
کە سەرەڕای هەموو شتێک
هەر دەیەوێت
بە سترانەکانی سەحەر بێدار بکاتەوە.
لەودیوی زەردەکەیەوە
پەپوولەی باڵکراو دەبینم
پەپولەیەک کە لە ڕاستیدا ناتوانێت بفڕێت،
بەڵام هێشتا دەڕوانێتە ئاسمان و
بە خۆی دەڵێت:
ئەو گەردوونە شینە ڕۆژێک لە ڕۆژان هێلانەی من بوو.

2

دەبێت سپێدەیەک دابیَ
هەنگیَ من بێدار ببمەوە، دۆست بانگم بکاتە دەرەوە تا تازەترین پەڕجوو زەردەپەڕ ببینم
هەنگیَ من بچمە دەرو چاوەکانم پڕ پڕ بکەم لە زەردەپەڕ

دەبێت سپێدەیەک دابێت
هەنگێ گەدەم بە قاپە میەنتیاوێک گەرم بکەمەوە و
دڵیشم بە کەمە ئەوینێکی دەوروپشتی مێزینانخواردن.
دەزانم کە کۆخەم دێتێ
دەشزانم کە دەبێت برۆم و دەستپێڕانەگەیشتووترین میوەی نێو پەنهانترین باخچەی خاوەنی هۆتەلەکە بدزم

ئەرێ دەبێت سپێدەیەک دابێت
دەبێت گوڵەکان بۆی بپشکون
و کاتێک کە لە زوورەکەم دێمە دەرێ، لە بەر ڕەنگ و عەترەکانیان بەرببمەوە
دەزانم
دەزانم کە دەبێت پیاسەیەکیان بە نێودا بکەم،
لە خاواڵووییەوە بەرەو بێداری
لە خەونئامێزیەوە بەرەو واقیعیەت
دەزانم کە درەختەکان سێبەرەکانیان بەسەر وجوودی بێگانەی مندا بەردەدەنەوە
دواتر خۆر دێت، گەرما دێت، ئێوارە دێت، خەو دێت
سپێدەی ئایندە:
پەرجووی زەردەپەڕ.

3
ئەز دەربارەی باخچەیەکی چینی قسان دەکەم
من و هێلێنا دوێنێ شەوێ چووینە دەرێ
لە قاوەخانەیەکی دانیشتین لە گەڵ هەندێ برادەری دیکە.
لەوێ کچێکی لێ بوو کە هەر چاوی لێ دادەگرتم
من چاوم لێ داگرتەوە
ئەو لەودیوی شووشەی پەنجەرەیەکەوە بوو
قسەی دەکرد و پێدەکەنی
بەوەی کە من سەردەستەکانم هەڵکردبوو تا فشە بە بازووە کانمەوە بکەم
بازووە کوردیە توکنەکانم.
چای ماسالای هیندیم داواکرد
دوای ماوەیەک بە کوپە چایەکی بازنەیی سەرو سەمەرەوە وەدەرکەوت
لە پێشمی داناو چاوێکی داگرت
من چاوم لێ داگرتەوە
چای ماسالای هیندیم خواردەوە... لە ڕادەبەدەر شەکری تێدابوو
مریشکی بە لیمۆسورکراوەم داواکرد
دوای ماوەیەک بە قاپێکەوە هات،
لە سەر میزەکەی داناو چاوێکی داگرت
من چاوم لێ داگرتەوە
بە سەر قاپەکەوە گوڵیکی لە پەلکەتەماتە دروستکراو دانرابوو
شەربەتی تێکەڵەی گێزەر و سێوم داواکرد
دوای ماوەیەک بە پەرداخێک شەربەتی تێکەڵەی گێزەر و سێوەوە هات

بە سەر مێزەکەوە، لە پێش من داینا
پەرداخەکە لە ڕادەبەر گەورەبوو
چاوێکی لێم داگرت
من چاوێکم لێ داگرتەوە

ئەز دەربارەی باخچەیەکی چینی قسان دەکەم
من و هێلێنا دوێنێ شەو لە دەرەوە بووین
دواتر ڕۆیشتینەوە ماڵێ
و ڕێک بە ژێر ئاسمانەوە
بە سەر شەقامێکەوە
لە ناوەڕاستی تاریکاییدا
ڕاوەستاین
بە نیگای ترسناکی چەند سەگێکی بەرەڵڵای دەوروبەرمانەوە.
ئەستێرەکانمان بە یەکدیکە نیشان دەدان.
-تەماشا! تەماشا ورچی گەورە!
-ئەدی بۆ حەوتەوانە ناڵێی؟
تەنیا ئەوەندەمان دەربارەی ئەستێران وەبیرهاتەوە
ئیدی کەوتینەوە ڕێ
بێزاریی ماڵەوە، سەحی بکە، بنوو، خەونببینە
لێ کیژی قاوەخانەکە،
هێشتاش بە پەرداخ و قاپەخواردنەکانیەوە دەهات
بەسەر مێزەکەوە، لە پێش من دایدەنان و
چاوێکی دادەگرت
و من هەموو جارێ چاوێکم لێ دادەگرتەوە
هەموو جارێ.

4
ئەز دەربارەی سێوێکی چینی قسان دەکەم
یەکەم جار بە سواری ئەسپەوە بینیم
ئەسپەکەی من هەر هەوای بەردەدان
ئەو لێی پرسیم: ئەوە ئەسپەکەت ژەهرخواردوو کردووە؟
من پێکەنیم
هەروەها ئەویش.
دەربارەی سیاسەت دواین
دەربارەی شفتەی سویدی
دەربارەی کچی کوردی دواین
من گوتم، کە ماچی ئێرانی تامی خورمای لێ دێ
ئەو گوتی، ددانی بەستەزمانی ئێرانی
من گوتم، لێوی بەختەوەری ئێرانی
تەنانەت دەربارەی بەفریش دواین

من ڕوومەتەکانیم هێنایە بەرچاوم
لە زستانێکی ئەسکەندەنافیدا،
چۆن چۆنی سوور دەبوونەوە
وە چۆن چۆنی سەرمایان دەبوو.
لێ من هێشتا لە زستانێکی ئەسکەندەنافیدا تەماشای ڕوومەتەکانیم دەکرد،
کە ئەسپەکەم جارێکی دی تۆزە هەوایەکی بۆنخۆشی بەرهەڵدا
من پێکەنیم
هەروەها ئەویش
دڵۆپەخۆرەکانی سەر زەوی و
سێبەرە بە خۆر کوناودەربووەکان لە بادا دەجووڵان
ئێمەیش لە تەنهاییەکی نادیاردا
کە نە من نە ئەو نە ئەسپەکان هەستیان پێدەکرد.
کاتێک گەیشتینە ڕێگا بەردینەکەی سەر شاخ،
ڕاوەستاین
لە ئەسپەکان دابەزین
هەوای پاکی سەرشاخمان هەلمژی
ئەو نەیدەویست هەناسەکە بداتەوە
من هەناسەکەم دایەوە
هەروەها ئەویش

بە درێژایی ڕێگا بەردینەکەدا ڕۆشتین
من و ئەو
بەیەکەوە، سەرمان سوڕما
بە یەکەوە، ماندووبووین
بە یەکەوە، تینووبووین
بەیەکەوە، ئاومان خواردەوە
بەیەکەوە، دووسێ سێومان خوارد
بەیەکەوە، تەنگاو بووین
ئەو چوو بۆ لای گاشە بەردێک بۆ میز کردن
من چووم بۆ لای بنی دارێک بۆ میز کردن
ئەو گووتی:
Do not look at me!
من گووتم:
Yes your majesty!
دواتر ڕۆشتین
گەیشتینە جوانترین تاڤگەیەکی دوونیا
نۆشیمان لە ئاوەکە
کڕنووشمان برد بۆ ئاوەکە
لەبەرئەوەی هێندە جوان بوو
لە بەرئەوەی هێندە ڕوون بوو

ئەو گووتی:
گوێم لە خودایە بپەیڤێ.
من گووتم:
دەیەوێ چ بپەیڤێ؟
ئەو گووتی:
دەڵێت، من ئاوم.
خەڵک لە هەموو لایانڕا بە هیوا ئاواتی جیاجیاوە بەرەو من دێن،
وە لێرەدا بە من دەگەن،
هەروەک ئەوەی چڵپاوو جۆگەڵەکانی خۆیان من نەبووبم.
من گووتم:
تەواو ڕاستە!
دواتر ڕۆیشتینە خوارێ
من دەستیم گرتبوو تا یارمەتی بدەم لە گاشەبەردە زلزلەکان بێتە خوارێ.
ئەو گووتی:
I am, scarred of highs!
من گووتم:
Look at me, do not look down!
ئیدی ئەویش دەستی کرد بە لووکینگ ئەت می و وازی لە لووکینگ داون هێنا.
جار جارە ئاوڕێکم لێی دەدایەوە و
هەر زیاتر و زیاتر بۆم دەردەکەوت چەندە جوانە.
هاتینە خوارێ و تەماشای ئاسمانێمان کرد.
من گووتم:
لەوانەیە لەو ئاسمانەدا، ماچی پەنهانی من و تۆ لە نێو هەورێکدا خۆی حەشار دابێت.
ئەو گووتی:
تا ببێت بە دڵۆپە باران،
خۆی لە هەورەکان بپچکوڕێ و
لە ڕۆژێکی باراناویدا
کاتێک کە هەموو چەترەکان کۆچی دواییان کردووە،
بە سەرماندا بباریٚ و لێوەکانمان تەڕ بکات.
دواتر دەستمان بە ڕۆشتنێ کردەوە
نەماندەویست ڕێگاکە دوایی بێت،
و ڕێگاکە هەرگیز دوایی نەهات
هەرگیز...

مانگی چواری 2007
شاری دالی، باشوری چین